# ھەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان

## لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا کۆتایی ھەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان راگەیەندرا

**رۆژی8 1 ی ئابی2007 لە ھۆلی کتێبخانەی گشتی سلیمانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی گیرا بۆ راگەیاندنی کۆتایی ھەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەبەشداری زۆرێك لەکەنالەکانی راگەیاندنی تەلەفزیۆنی ورادیۆیی ورۆژنامەیی بۆ باسی دەستکەوت و چالاکیەکانی ئەم ھەفتەیە. سەرەتا ئاسۆ کمال ریکخەری تۆری دوعا بۆ بەرگرتن بەتوندوتیژی بەرامبەر ژنان ووتەیەکی پیشکەش کرد و دواتر ھەرکام لە شیلان حمەنوری لە تۆڕی دوعا و فتاح زاخۆیی لە کۆنفرانسی دوعا و پەروین عزیز لە کەمپینی مافە مەدەنی ویاسایەکانی ژنان و ئاسۆ کمال وەڵامی پرسیاری کەنالەکان ورۆژنامەنوسانیان دایەوە . ئاسۆ کمال لە ووتەکەیدا لەم کۆنگرەی رۆژنامەنوسیەدا ووتی:**

**لەبەرواری 2007\8\11 ەوە بۆ 2007\8\17 کەنالەکانی راگەیاندن بەشێوەکانی بیسترا و بینرا و نوسراو و ئەلکترۆنی ھەڵمەتێکی راگەیاندنیان بۆ ئیدانەکردنی توندوتیژی دژ بەژنان بەڕێوە برد، لەژێرناوی "ھەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان" بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی دوعا بۆ بەرگرتن لە کوشتنی ژنان کە لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو. ئەم ھەڵمەتە کە 40 کەناڵی راگەیاندن بەشداری تیداکرد لەلایەن تۆڕی دوعا بۆ ڕێگرتن لەتوندوتیژی بەرامبەر ژنان و کەمپینی داکۆکی لەمافە یاسایی ومەدەنیەکانی ژنان بەھاوکاری وەزارەتی ناوخۆ ریکخرا و ئامانجی کۆتایی ھینان بە توندوتیژی و ڕیگرتن لە کوشتنی ژنانە کە لە 16 ساڵی رابردوودا ھەزاران ژن بونەتە قوربانی.**

**ئیمە بە سوپاس و دەست خۆشی لە ھەموو ئەو کەناڵانەی کە بەشداریان لەم ھەڵمەتەدا کرد ڕایدەگەیەنین کە پەیامی ئەم ھەفتەیە سەرکەوتوانە گەیشتە خەڵکی کوردستان و بەشداری چالاکانەی ھەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانی ژن و پیاو دەورێکی گرنگی بوو لەم سەرکەوتنەدا و بۆیە جاریکیتریش سوپاس و پیزانینمان ئاراستەی ئەو کەسایەتیانەش دەکەین کە لەم ھەڵمەتەدا بەشداربوون.**

**وروژاندنی دەنگی دژی توندوتیژی دژ بەژنان لە میدیاکانی کوردستاندا بۆ ماوەی ھەفتەیەك و بەشداری ژنان وپیاوان ولاوان لەو بەرنامە رادیۆیی وتەلەفزیۆنی و لەرۆژنامەکاندا ھەنگاوێکی ھەرچەند سەرەتایی بەڵام گرنگ بوو تاکو بێدەنگی چەندین ساڵە لەئاستی کۆمەڵگەدا بشکێنین. لەم ھەفتەیەدا لە 40 کەناڵی راگەیاندنەوە ئەم دیاردەی کوشتن و توندوتیژیە بەرامبەر ژنان مەحکوم کرا وسەرچاوەکانی دریژەدانی کە زاڵ بوونی سیستەمی پیاوسالاری دەسەڵات و کاریگەری دین و ئیسلامی سیاسیە بەخەڵك نیشاندرا و پیویستی و چۆنیەتی کۆتایی ھینان بەم دەسەڵاتی پیاوسالارییە کرایە قسەی ناو کۆمەڵگە . ھەروەھا بانگەوازی سەرجەم ژنان و پیاوان و لاوان کرا بۆ فشارخستنە سەر دەسەلات لەریگای دانانی یاسای دژی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و بەکردەوە دابینکردنی پشتیوانی بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی.**

**ئەم ھەڵمەتە بەشێك لەو کارانەیە کە تۆری دوعا بەھاوکاری ریکخراوە مەدەنیەکان و کەسایەتیەکان و چالاکەکانی بواری یەکسانی ژن وپیاو تێدەکۆشێت بۆ گۆڕینی سیستەمی پیاوسالاری و بەدیھینانی مافە یاسایی و مەدەنیەکانی ژنان وە ھەورەھا بۆ ھێنانەمەیدانی بزوتنەوەیەکی فراوانی ژنان لەکوردستاندا کە کۆتایی بە بارودۆخی پلەدوویی و ژێردەستەیی ژنان بھێنێ. سەرکەوتنی ئەم ھەفتەیە نیشانەی بوونی ھەست کردن بەم بەرپرسیارێتیەیە لە کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستاندا و ئومێدێکە کە ئەم بزوتنەوە یەکسانیخوازە بۆ کۆتایی ھینان بە دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان دەیدات بە ژنانی کوردستان . بەم بۆنەیەوە جاریکی تر بانگەوازی سەرجەم لایەنگرانی مافەکانی ژنان دەکەین کە پشتیوانی لەم داوایانە بکەن کە لەم ھەفتەیەدا لەلایەن بەشداربوانی ئەم ھەڵمەتە و ژنان وپیاوانی یەکسانیخوازەوە بەرزکراوەتەوە ولەم بزوتنەوە یەکسانیخوازەدا بەشدار وچالاك بن تا بتوانین ئەو ئومێدە بە کۆتایی ھینان بە توندوتیژی وژێردەستەیی ژنان بکەینە ئەمری واقیع و مافە مەدەنی ویاسایییەکانی ژنان لە ھەموو بوارەکانی ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتیدا بسە پێنین.**

**دواتر دەقی داواکاریەکانی لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا خویندەوە کە بریتی بوو لەمانەی خوارەوە:**

**<u>داواکاریەکانی ھەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان</u>**

1- **کوشتنی ژنان لەژێر ناوی ناموس پەرستیدا تاوانێکە ودەبێت ئەنجامدەرانی بە خیرایی سزا بدرێن و لەژێر ھیچ ناویکدا ئازادنەکرێن.**
2- **یاسای دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان و یەکسانی ژن وپیاو لە ھەموو بوارەکانی ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتیدا بەخیرایی دەرچێت و بەعەمەلی کاری پێبکرێت بەرامبەر ھەموو کەسێك بەبێ‌لەبەرچاوگرتنی پلەوپایەی حزبی و دەسەڵاتی عەشیرەتی.**
3- **لابردنی ھەموو ئەو قانون و مەنھەجی خویندن وپەروەردە و قەدەغەکردنی ئەو ووتاربێژی و داب ونەریتانەی کە دەبنە مایەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و ماف و یەکسانیان پێشیل دەکات.**

, SAMERA 07701575730---ASOKAMAL@YAHOO.COM,07702137677
SARA QADIR:07301577060,FATAHZAXOI:07701521522,SHILAN NURI :07701561725

4- بوونی بودجەی تایبەت بۆ بەرنامەی نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و بوونی سیستەمی یارمەتیدانی قانونی و گرتنی محامی خۆرایی و ئۆفیسی ئامۆژگاری خۆرایی و کردنەوەی شیلتەر لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا بۆ ژنانێك کە روبەروی توندوتیژی دەبنەوە و لیپچینەوە لە کەیسی کوژرانی هەزاران ژن.

دوای رۆشنکردنەوەی خالەکانی داواکاری هەفتەکە ، بەرنامەکانی لەم هەفتەیەدا پیشکەش کرا بوو خویندەوە کە بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:

أ- بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان :

کەنالە تەلەفزیۆنیە بەشدارەکان بەدانانی بەرنامەی تایبەت و مێزگرد و گفتوگۆ و بلاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئەم هەفتەیە بەشداریان لەم هەڵمەتەدا کرد و بەهەزاران کەس شەوانە بینەری ئەم بەرنامانە بوون .ئەمەش ناوی کەنالە بەشداربوەکان و کات و رۆژی بەرنامەکانیانە :

1- سەتەلایتی کوردسات – بەرنامەی تایبەت لە رۆژی 1شەممە سەعات 7.20شەو و بەیانی رۆژی 1 شەممە.
2- سەتەلایتی زاگرۆس - بەرنامەی خەڵك و دەسەلآت
3- تەلەفزیۆنی ئازادی – بەرنامەی تایبەت رۆژی دوو شەممە سەعات 9.30 شەو.
4- تەلەفزیۆنی کۆمەڵە تیڤی – بەرنامەی تایبەت رۆژی شەممە .
5- تەلەفزیۆنی سۆسیالیست – رۆژی 4 شەممە – بەرنامەی تایبەت سەعات 9.30 شەو.
6- تەلەفزیۆنی یەکگرتوو – رۆژانیشەممە ، دوو شەممە و سێ شەممە.

ب- بەرنامە رادیۆییەکان : کەناڵە رادیۆییەکان بەدانانی بەرنامەی تایبەت و بلاوکردنەوەی هەواڵی چالاکی وبەرنامەی هەفتەکە وریکلامی دەنگی کە دروشمەکانی هەفتەی دژی توندوتیژی بلاودەکردەوە و بەژاوپیکەوتن بەشداری یان کرد و گویگرانی رادیۆکانیش بەشداریەکی چالاکانەیان دەکرد و جەوی ناوشارەکانی پرکردبوو لە باسی مەسەلەی توندوتیژی و کوشتنی ژنان و بەشێکی زۆرکاریگەربوو.

ئەمەش ناوی کەنالە بەشداربوەکان و کات و رۆژی بەرنامەکانیانە :

1- رادیۆی نەوا –رۆژی دووشەممە–بەرنامەی تان وپۆ – سەعات 11\ رۆژی 5شەممە –بەرنامەی ئاراستە .سەعات 4.30
2- رادیۆی زەحمەتکێشان – رۆژانی شەممە و 5 شەممە سەعات 11
3- رادیۆی جەماوەر – بەیانیانی رۆژانی شەممە ، یەکشممە و دوو شەممە .
4- رادیۆی هاموون – رۆژانی چوارشەممە وپێنج شەممە سەعات 4 ئیوارە.
5- رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان – رۆژانی 2شەممە و 4 شەممە سەعات 11-12.30.
6- رادیۆی ئازادی ویەکسانی – وتوویژ – رۆژانی 2شەممە، 3 شەممە و 4 شەممە.
7- رادیۆی مەلبەند – بەرنامەی دەنگی ژن– 5شەممە سەعات 11
8- رادیۆیئازادی – رۆژی 2 شەممە و5 شەممە سەعات 10.45
9- دەنگی یەکگرتوو –رۆژی شەممە
10-رادیۆی خاك – پرسی ژن – رۆژی 2 شەممە سەعات 3-4
11-کۆمەڵ- 3شەممە سەعات 11.15
12-دەنگی مەدەنیەت -1 شەممە سەعات 6 ئیوارە

ج- رۆژنامەکان : بەبلاوکردنەوەی پۆستەر و دروشمەکان و مێزگرد و ریپورتاژ و چاوپیکەوتن و ووتار بەشداریان کرد ، کە لەم هەفتەیەدا ئەم رۆژنامانە بەشدارن:

1- رۆژنامەی ئاوێنە –رۆژی سێ شەممە- پۆستەر و هەواڵ و چاوپیکەوتن و ووتار.
2- رۆژنامەی هاولاتی –یەکشەممە و چوارشەممە- پۆستەر و دروشمەکان و مێزگرد و ریپورتاژ و چاوپیکەوتن .

, SAMERA 07701575730---ASOKAMAL@YAHOO.COM,07702137677
SARA QADIR:07301577060,FATAHZAXOI:07701521522,SHILAN NURI :07701561725

# هەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان

3- رۆژنامەی ریبازی ئازادی – سێشەممە- پۆستەر و دروشمەکان و مێزگرد و ریپورتاژ و چاوپیکەوتن .
4- رۆژنامەی ناوخۆ – سێشەممە- پۆستەر و هەواڵ
5- رۆژنامەی ئالای ئازادی – دووشەممە – پاشکۆی تایبەت - پۆستەر و دروشمەکان و مێزگرد و ریپورتاژ.
6- رۆژنامەی جەماوەر –ووتار
7- رۆژنامەی میدیا – ووتار
8- رۆژنامەی کوردستان را پۆرت- پۆستەر و دروشمەکان و مێزگرد و چاوپیکەوتن.
9- رۆژنامەی راسان – پۆستەر و دروشم و ووتار.

د-سایتەکان :

1- بۆپێشەوە
2- کوردستان نێت
3- کوردستان نیوز
4- ئازادی
5- ئاژانسی ناوخۆ NNA
6- سایە
7- کۆمەڵ نیوز
8- خوشکان
9- ئالای ئازادی
10-سبەی
11-کلاورۆژنە
12-ئیمرۆ
13-دەنگەکان

ه- پێشانگاکان : رۆژی یەك شەممە،سەعات 6تا 8 لە پارکی نالی پیشنگای شێوەکاری پیشکەش کرا.

و-فلیم : کورتە فیلمی "هاوار" کە سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بەژنانە لە تەلەفزیۆنەکان پیشکەش کرا.

ز- پۆستەر :بلاوکردنەوەی پۆستەری "هەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان" لە شوێنەگشتیەکان و دامەزراوەکاندا ولەشارۆچکەی سەیدسادق ، هەلەبجە ، رانیە وقلادزە.

ی. 90هەزار کورتەنامەی ئەلکترۆنی لە ئاسیا سیل ( 60هەزار) و سانا تیل ( 30 هەزار).

ئاگاداری بۆ زانیاری زیاتر تکایە بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمیلانەوە دەتوانن پەیوەندیمان پێوەبکەن:
ئاسۆ کمال 07702137677
سمیرە محمد07701575730
فتاح زاخۆیی07701521522
سارا قادر 07301577060
شیلان حمە نوری07701561725